گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

# هەندێك لايەنى دياردەى واتاى هاورِێتى لەزمانى كورديدا

د. عبدالله عزيز محمد بابان
پشكا زمانێ كوردى، كوليژا زمان، زانكۆيا دهۆكێ، هەرێما كوردستان-عيراق

((مێژوويا وەرگرتنا ڤەكولينێ: *15 گولانێ، 2019*، مێژوويا رەزامەنديا بەلاڤكرنێ: *9 خزيرانێ، 2019*))

**پوختە**

**بابەتى لێكۆلێنەوەكە (هەندێك لايەنى دياردەى واتاى هاورِێتى لەزمانى كورديدا) يە، ئەم ديارديە بە يەكێك لە بوارەكانى واتاسازى دادەنرێت.**

**لێكۆلێنەوە لەم بوارەدا، واتە بوارى هاورِێتى بەرفراوانە و لەگەڵ گەلێك ديارەدەى ديكەى واتا سازيدا تێكەلاَو دەبێت، وەك (بوارى واتايى، هاوواتايى، ميتافۆر، گرتنەوە، پەيوەندى بەش وگشت)، بەلاَم لێرەدا و بۆ تەرخانكردنى بابەتێكى زانستى وپاش ئەوەى ديادەكەمان بۆ دوو جۆر دابەش كرد (هاورِێتى ئاسايى، زرِ هاورِێتى)، تواناى ئەوەمان بەدەست كەوت، كە تەنها لايەنێكى بابەتە (هاورِێتى ئاسايى) وەرگرين، ئەمە بە مەرەمى دەوڵەمەندكردنى بابەتەكەمانە وچەندين بوارمان بۆ تەرخان كردووە وەك هاورِێتى لە (دەنگە سروشتييەكان، ژيان وسەربردن بەكۆمەڵ جوتبوون، بزاڤ، ناوى پێغەمبەران وياوەرانى، خواردن وتام وميوە وچەند ديارديەكى ديكە).**

**شايەنى سەرنجە ئەم لێكۆلێنەوەيە هۆكارێكارێكى گرنگە بۆ دەوڵەمەند كردنى فەهەنگى كوردى.**

**كليلێن ڤە لێكۆلينێ:** ديادەى هاورِێتى، واتاى ئاسايى، تايبەتييەكانى هاورِێتى، شێوازى بوارى هاورِێتى.

## 1. پێشەكى

### 1. 1. ناونيشانى لێكۆلێنەوەكە:

ئەم لێكۆلێنەوەيە لە ژێر ناونيشانى (هندێك لايەنى ديادەى واتاى هاورِێتى لە زمانى كورديدا):

### 1. 2. كێشەى لێكۆلێنەوەكە:

زمانەوانانى كورد لە لێكۆلينەوەكانيادا بەشێوەكى ساكار ئاماژەيان بۆ ئەم بابەتە كردووە وتێكەلاَوەيەكى بەرچاو لە نموونەكانيادا دەردەكەوێت.

ئەوەى لێرەدا ئاماژەى بۆ كراوە و جەختى لە سەركراوە تەرخانكردنى بابەتێكى سەربەخۆى لێكۆلێنەوە و دۆزينەوەى چارەسەرييەكەى زانستيانەيە لە پۆلكردندا، ئەمە بەمەرەمى رِەواندنەوەى تەم ومژى زانستييە و تێروتەسەلكردنى بابەتى سەربەخۆيە لە لێكۆلێنەوەدا: ئەمەش لەوەدا دەردەكەوێت، كە دابەشكردنى ديادەكەيە بۆ دووجۆر (هاورِێتى ئاسايى، زرِ هاورِێتى)ە وتەنها جەخت كردنە لەسەر يەك جۆرى (هاورِێتى ئاسايى).

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

دابەشكردنەكە ئەوە ناگەیەنێت كە (زرِ هاورِێتی) بەهای نییە، بەڵكو ئەویش پێویستی بەلێكۆلێنەوەی سەربەخۆ هەیە.

**1. 3. سنوری لێكۆلینەوەكە:**

سنوری لێكۆلێنەوەكە دیالێكتی كوردی ناوەراستە، بەلاّم وەك كارێكی زانستی لە پەراوێزەكاندا –كەم وزۆر– نموونەمان لە دیالێكتی كوردی سەروو (گوڤەری بادینی) هێناوە تەوە بە مەرەمی دەوڵەمەندكردنی بابەتەكەمان، هەروەها لێكۆلێنەوەكە و بەپێی دابەشكردنی بۆ (هاورِێتی ئاسایی، زرِ هاورِێتی)، تایبەت كراوە بۆ لێكۆلێنەوە لە (هاورِێتی ئاسایی) و پەلمان بۆ لایەنی دوهەم نەبردووە، ئەمە نەگ كرنگی نییە، بەلكو بۆ بەپێزكردن، و دەوڵەمەندكردنی باسی تایبەتی لێكۆلێنەوەی زانستییە.

**1. 4. گرنگی لێكۆلێنەوەكە:**

واتا سازی وەك لقێكی زمانەوانی لە زمانی كوردیدا، هەر لە كۆتایی ساڵەكانی (1980)وە[1]، لە نامەكانی ماستەر و پاشان لە دكتۆرادا لێكۆلێنەوەی لە مەرِدا كراوە، بێگومان تا وەكو ئەم بابەتە پێگەی خۆی بچەسپێنێ پێویستی بە بەردەوانی و گەرِان بەدوای دیاردەكانی هەیە و چەندین بابەتی وروژێنەر دەهێنێتە مەیدانی توێژینەوە.

ئەم بابەتە، كە ئێمە ئاماژەمان بۆی كردووە، كەم و زۆر باس كراوە، بەلاّم وەك بابەتێكی سەر بەخۆی ئەكادیمی پەنجەی بۆ رانەكێشراوە.

هەلبژاردنی بابەتەكە تەرخانكردنی لێكۆلێنەوەی سەربەخۆیە، كە یەكێك لە مەرجەكانی زانستی دادەنرێت، هەروەها هەوڵدانێكە بۆ یەكلاكردنەوەی بۆچوونی بابەتی بۆ دیاردەكە هەموو ئەمانە بە نموونەی سەربەخۆ لە جۆرە جیاوازەكای دیاردەكە بەرچاو دەكەوێت.

**1. 5.** رێبازی لێكۆلێنەوەكە:

لێكۆلێنەوەكە لە چوارچێوەی زانستی فەرهەنگسازیدا ئامادەكراوە و لە سەر رێبازی وەسفی شیكاری خراوەتە روو.

**1. 6.** بەشەكانی لێكۆلێنەوەكە:

سەرەرای پێشەكی و ئەنجامەكان، لێكۆلێنەوە چەند تەوەر و سەرباس بە خۆوە دەگرێت، بەم شێوەیەكی خوارەوە:

– چەند پێناسەیەكی واتای هاورِێتی.
– دابەشكردنی واتای هاورِێتی.
– بنەماكانی واتای هاورِێتی.
– هاورِێتی ئاسایی.
– شێوازی دەركەوتنی واتای هاورِێتی

## 2. چەمك و پێناسەی دیاردەی واتای هاورِێتی

**2. 1. چەمكی دیاردەكە:**

زاراوەی (Collocation)، لە بنیاتدا لاتینیە لە دوو بەش پێكدێت (com) بەواتای لە گەلْ یەك، یان پێكەوە، (Locate). بەواتای (دانان)، بەم شێوەیە و بەلێكدانی هەردوو بەشەكە واتای هاتنی

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤايەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

وشه لەگەڵ يەكا دێت[2] ، پاشان يەكەم جار زاراوەی (collocation)، لە ساڵی 1951 لای زمانەوانی ئینگلیزی (جون روبرت فێرس) لە زمانەوانی نوێدا بەكار هێزا[3].

لە زمانی عەرەبیدا ئەم زاراوەیە لە بواری فەرهەنگسازیدا بەكار هاتووە وگەلێك زاراوەيان بۆ داناوە وەك (تتابع، الرصف، المصاحبة، المصاحبة اللفظية، الاقتران، التلازم...هتد) [4].

لە زمانی كوردیدا دیسانەوە هەندێك زاراوەی لەيكچووی بۆ بەكار هێنراوە وەك (هاوڕێتی، هەڤاڵبەندی، كۆتی پێكەوە هاتن) [5].

## 2. 1. 1. پێناسیەی دیاردەی واتای هاوڕێتی:

زمانە وانان بەشێوەيەكی گشتی پێناسەيان بۆ ئەم بابەتەكردووە، چ ئەرووپيەكان، يان عەرەبەكان، يان لای كورد، لە خوارەوە هەوڵدەدەين بيانخەينەروو:

– چارل كريدلر دەڵێت: چەند وشەيەكن لەگەڵ يەكدا ولە چەندين دەستەواژوە ورستەدا دەردەكەون[6].

– چيڤری فينج ئاماژە بەوەدەكات كە: هاوڕێتی ئەو ئارەزوومەندييەيە، كە لە هەندێك وشەی دياريكراودا دەردەكەوێت [7].

– ديڤيد كريستال دەڵێت: زاراوەيەكە لە زانستی فەرهەنگسازيدا، لە لايەن هەندێك زمانەوان بەكاردێت بۆ ئاماژەكردنە بۆ دەركەوتنی ئاسايی تاكە وشەكان [8].

– تاگور دەڵێت: واتای هاوڕێتی بەوە دەناسريتەوە كە دياردەی دەركەوتنی لێڕاهاتوی وشەيەكی تايبەتی ديكەيە لە ناو ڕێكخستنی زماندا [9].

– ستيڤن ئوڵمان دەڵێت: بەستنەوەی ئاسايی وشەيەكە لەگەڵ وشەيەكی دەستنيشانكراوا لە زماندا [10].

– فێرس ئاماژەی بۆ ئەوەكردوەوە: لە پێكهاتەيەكی زماندا لەو دەوروبەری، كە وشەی تێدا بەكاردێت و لە ئاستی ئاسۆييدا دوو وشە پێكەوەدێن ودەبنە ڕەگەزێك بۆ يەكتر و هەميشە وەك هاورێيەك لەزماندا بەكار دێن[11].

– احمد مختار عمر: ئاماژە بە بوچوونەكانی ئوڵمان دەكات، كە دەڵێت هاوڕێتی پەيوەنديی ئاسای وشەيەكە لە زمانيكدا بە وشەكانی ديكەی زمانەوە، هەروەها ئوڵمان ئاماژە بەوەدەكات، كە وشە لەسياقی زمانيدا لەگەل چەند وشەيەكی ديكە دەبن بەهاوڕێتی، (احمد مختار) پشت بە بۆ چوونەكانی (فيرس) دەبەستێت بەكارێكی زانستيانەی لە بواری واتادا لە قەڵەم داوە [12].

– إبراهيم أنيس ئاماژەی بە وتەكانی (يەسپرسن) دەكات، كە دەڵێت، چەند وشەيەك لە زماندا كاتێك دەبێتە هاوریێ لەگەل وشەيەكی زمانەكە، بەتێپەڕبوونی كات ئەم واتايە جێگیر دەبێت و بەكار هێنەرانی زمانەكە لەگەڵێدا ئاشنادەبن ولە سەری رادێن، هەروەها (إبراهيم أنيس) جەخت لەسەر بۆچونێكی (يەسپرسن) دەكات كە دەڵێت، لە ئەورووپادا باڵندەيەك لە بەهاردا پەيدا دەبێت

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

ولە خوێندنەكەیدا دەڵێت (كوكو)، ئەم دەنگەی باڵندەكە بۆتەناوێك بۆی [13].

– محمد علی الخولی لە ژێر باسی (واتای دەنگی) دا. دەڵێت: هەندێك وشە دەنگەكانیان بۆتە هۆی دروست بوونی واتاكانیان و لەگەڵیاندا گرێدراون وەك: خورە بۆ ئاو، نەرە بۆ شێر، وەڕین بۆ سەگ كیڤە بۆ گوللە... [14].

– هۆگر مەحمود فەرەج دەڵێت: مەبەست لە هاوڕێتی ئەو ئارەزوو ئامادەیە، كە لە هەندێ پەرێزدا خۆی دەبینێتەوە، هاوڕێتی بەم پێیە بریتی دەبێ لەو كۆمەڵە وشانەی، كە لەگەڵ وشەیەكدا دەبێتە دەراوسێ، بەم جۆرە وشەی ئەسپ لە گەل تەویلە، یان نان لەگەل هێلكە، یان شەكر لەگەل چا دەبنە هاورێ، كەواتە هاوڕێتی ئەو پەیوەندییە، كە كۆمەڵە وشەیەك گرد دەكاتەوە، كە لە رستەدا پێكەوەدێن [15].

– فەرهاد تۆفیق حەسەن لە ژێر ناونیشانی پەیوەندی كێڵگە واتاییەكان ولە جۆری پەیوەندی ئاسۆییدا ولە لقی (بەستنەوە) ئاماژە بەوەدەكات، كە بەستنەوەی كێڵگە واتاییەكان بەیەكەوە لە رێگەی هاوڕێتی نێوان یەكەكاندا دروست دەبێت ودبێتە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ، كە ڕەگەكەو وشەنۆییەكە هەر یەكەیان لە كێڵگەیكەدا بن، چەند نموونەیەكی هێناوەتەوە، كە كێڵگەی گیانداران بە كێڵگەی دەنگە سروشتییەكان دەبەستێتەوە وەك (مرۆڤ: قێژاندن/ هاوار، شێر نەڕاندن) [16].

– ڤیان سلیمان حاجی دەڵێت: چەمكی هاوڕێتی دەكەرێتەوە بۆ گونجانی واتای وشەكان لە گەڵ یەكتردا لە ڕوی پێكەوەهاتدا، پەیوەندی هاوڕێتی لە نیوان وشەكان زماندا پلەدارە، واتە هەندێ وشەهەن، كەسنوری بەكار هێنانیان زۆر تەسكەوتەنیا لەگەڵ یەك وشەدا دەبنە هاوڕێ وەك هاوڕێتی ئاژەڵ و دەنگەكانیان نموونەی بۆ ئەمە، سەگ: وەڕین.

سەرەڕای ئەمە دەڵێت، هەندێك وشە سنوریان فراوانترن و دەتوانن لەگەل چەندین وشەی تردا بەكار بهنێرین، واتە بەئاسانی دەتوانن هاوڕێتی ببەستن، وەك: ترش بوون، مالێ باش...هتد [17].

– ئارا عەلی ئەحمەد: جەخت لەسەر دوو جۆری پەیوەندیی هاوڕێتی دەكات، كە پەیوەندییەكان بەرتەنگە وەك پەیوەندی دەنگە سروشتییەكان وەك: گرگرا عەورا، شرشرا ئاڤێ، میەومیەوا پشیكێ، زەڕینا كەری، ڕەوینا سەی، لورینا گورگی، قیژقیژا ژنكێ، گریا بچیكی، لەلایەكی دیكەوە نموونەی بۆ پەیوەندییە بەربلاوەكان هێناوە تەوە ودەڵێت: ئەم وشانە بەئاسانی دەتوانن هاوڕێتی لەگەڵ وشەی تردا بكەن وەك: وشەی (پاقژ) كە دەتوانێن لەگەلیك رستەدا و لە گەڵ چەندین وشەدا دەركەویت وەك:

- كوركەكێ پاقژ ولاو.
- مالەكا پاقژ ولاو.
- كراسەكێ پاقژ ولاو.
- ترومبێلەكا پاقژ ولاو [18].

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

– عبدالواحد مشیر دزەی دەڵێت: واتای هاوڕێتی لە ئەنجامی بەیەکەوە هاتنی زۆرەوە، دووبارە بوونەوەی واتایەك پەیدادەکات پێی دەڵێن واتای هاوڕێتی ئەم جۆرە واتایە پەیوەندیەکی شوێنی ئاسۆییە لە ئەنجامی هاوڕێتی کردنی وشەیەك لەگەڵ چەند وشەیەکی تر پەیدادەبێت [19].

– پەیمان حسن محمد سلیم: هەمان پێناسەکەی (عبدالواحد مشیر) دوبارە دەکاتەوە وئاماژە بەبۆچوونی سۆسێر لە بابەت بەهای وشەدە دەکات و دیاردەی هاوڕێتی بە بەهای وشەکانەوە گرێدەدات و لەگەڵ کلتوری کۆمەڵایەتییانەوە دەبەستێتەوە و ئاماژە وبەوە دەکات، کەناتوانین وشەکانی هاوڕێتی بەپێی کلتوری زمانەکان وەك یەك بەها وەرگرن، نموونەی بۆ ئەمە وشەی (ماڵ)ە، کە لە کلتوری کوردیدا لەگەل (پارە، پول، مەرو ماڵات) دەردەکەوێت، بەڵام لە زمانی ئیتالیدا ئەم وشەیە دەبێتە هاوڕێ لەگەل (دەرگا، پەبنجەرە..هتد) [20].

– هدی عبدالقادر قاسم ئاماژە لە بوچونی (فیرس) دەکات کە ئەو جیاوازی لە نێوان واتای هاوڕێتی و واتای پێکەوە هاتنی کردوو، کە واتای هاوڕێتی پەیوەندییەکە لە نێوان وشەکاندا دەبێت، بەڵام هوکاری سەرەکی پێکەوهاتن پەیوەندی ڕێزمانی دروستی دەکات.

شایەنی سەرنجە لێکوڵەر ئاماژەی بەم دیاردە کردووە (پێکەوەهاتن) ئەمەش بەمەبەستی خزمەتکردنی نامەکەیەتی کە دەربارەی ئیدیەمە، واتە بەلای بەشی هاوڕێتی نەچووە و نموونەی بۆ نەهێناوەتەوە. نموونەکانی.

ڕوی سپی، ڕوی رەش، ڕوی قایم... [21]

– شێرزدا سەبری عەلی لە پێناسەی واتای هاوڕێتی دەڵێت، واتای پێکەوەهاتن هاتنی هەندیك وشەیە لە کاتێدا کە ئامەنە گەلێك لە گەڵیەکرا بەکاربێن وتنی یەکێك لە ئەوان داخوازی وشەکەی تردەکات وەك:

بیك وزاڤا، رەفدا گورکان، جەلەبێ پەزی، کۆما مروڤان، ئەسمانێ شین، گورگورا عەوران، شرشرا ئاڤێ، زرنیا گوهدرێژێ، ڕەونیا سەی، جیرجیرا چیچکان [22].

**2. 1. 1. 1. تێبینی دەربارەی پێناسەکان بە گشتی:**

پێناسەکان بەشێوەیەکی گشتی، چ زمانەوانای بێگانە، یان کورد کردویانە لە چوارچێوەی چەمکێکی یەکدگیردا کۆ دەبنەوە و لە زوربەی لایەنەکانیدا هاوبیرن، دەتوانین بۆچوونەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوە کۆ بکەینەوە

**1.** دیاردەکە لە فەرهەنگسازیدا بایەخی خۆی هەیە ولەوێدا دەبینرێت.

**2.** دیاردەکە وشەی دیاریکراون و لەگەڵ وشەی تردا پێکەوەدێن و بەکارهێنەرەکانی زمانەکە لێیی ڕاهاتوون، بەناوهێنانی یەکێك لەوشەکان ئەوی دیکەمان بەبیردادیت.

**3.** هەندێکیان سنوری دیاردەکەیان بەربلاوکردۆتەوە، کە بەشەکانی (کار، ئاوەڵناو، ئیدیەم) بگەرێتەوە.

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

**4.** دیاردەکەیان بۆ سەر دوو جۆر دابەشکردەوە.

أ. هاوڕێتی داخراوو.

ب. هاوڕێتی کراوە.

**5.** نموونەکانیان لە بەشی (داخراو) دا، تەنها دەنگە سرەوشتییەکان بووە.

**6.** لە بەشی کراوەدا لەگەل (کار) دا، نموویان هیناوەتەوە وەك.

أ. ترش بوون بۆ (هەویر، هەنار، لیمۆ...هتد).

ب. ماڵ لەگەڵ (پارە، پول..هتد)

پاش ئەوەی پێناسەکانمان خستە ڕوو ولە چەند خاڵێکدا کۆمان کردەوە، بەپێی سنوری باسەکەمان، کە تەنها لایەنێکی دیاردەکەمان هەڵبژاردوە (هاوڕێتی ئاسایی)، دیاردەکە پێناسە دەکەین:

دیاردەی (هاوڕێتی ئاسایی) لە ئاستی ئاسۆیی زماندا و لە گرێیەکی ناویبدا دەردەکەوێت، ئەمە بەرێگای دانەپاڵێ دوو وشە بەیەکترەوە دەبێت، یان بە هۆی ئامرازە و لە فەرهەنگی زمانەکەدا تۆمار دەکرێت و دەبن بە یەکەیەکی بیری چەسپوو لای بەکارهێنەرانی زمانەکە و لەگەڵیرادێن بەشێوەیەك بەناوهێنانی یەکێك لەوشەکان ئەوەی تریان بەبیردادێت.

**2. 1. 1. 2. جۆرەکانی واتای هاوڕێتی:**

بەشێوەیەکی وپاش تاوتوێ کردنی پێناسەکان، دەتوانین دابەشکردنی دیکە بۆ جۆرەکانی واتای هاوڕێتی دەستنیشان بکەین بەم شێوەیەی خوارە.

**1.** هاوڕێتی ئاسایی.

**2.** زرِ هاوڕێتی.

**1.** هاوڕێتی ئاسایی: ئەمە دەکەینە دووبەشەوە

أ– هاوڕێتی لە دیاردە سروشتییەکاندا، بەتایبەت دەنگ سروشتییەکان.

ب– هاوڕێتی لە بواری بەکارهێنانی جیاواز (بڕوانە بەشی (4) ئەم لێکوڵینەوە)

**2.** زرِ هاوڕێتی: ئەو جۆرە پێکەوە هاتنەیەکە لە شێوازی جوراو جۆری رستەدا دەردەکەوێت و لەگەل پەیوەندییە واتاییەکاندا دێن وەك پەیوەندی (هاوواتای، گرتنەوە، بەش و گشت، ئیدیەم، میتافۆر).

**2. 1. 1. 3. تایبەتیەکان واتای هاوڕێتی:**

**1.** توانای ئەوەمان دەداتێ، کە دیاردەکانی دەورووبەرمان سنوردار بکەین و نەهێڵین ئاڵۆزی بیری دروست ببێت، کەواتە تەرخانکردنی بیرێکە لە سنورێکی دیاریکراودا و لە مەبەستێکی تایبەتدا دروستکراون بۆ نموونە (سەگ، وەڕین)، (کەو، قاسپە)، ئەسپ، تەویلە).

**2.** ئەم دیاردەیە بەشێوەی بەرچاو، زیاتر لە گەڵ (ناو) دا دێت نەك کار، چونکە ئەگەر پێکهاتەکە کاری تێدا بوو لێرەدا لە سنوری هاوڕێتی ئاسایی دەردەچێت و دەچێتە بواری پەیوەندییە واتاییەکانەوە وەك میتافۆر. بۆنموونە: لە کاری (خوارد) دا:

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

(سۆیند، پارە، بەرتیل، دڵ)ی، خوارد، سویندی خوارد، پارەی خوارد، بەرتیلی خوارد، دلێ خوارد...هتد).

**3.** ئەو وشەیە، کە دەبێتە هاوڕێ لە گەڵ وشەیەکی دیکەدا، پێکهاتەیەکی فەرهەنگی نموونەیی دروستدەکەن وسیمایەکی هاوبەش پێکدێنن بەشێوەیەکی ئەوتۆ، ئەگەر بمانەوێت بۆ نموونە لەگەڵ میتافوردا بەکاری بهێنین، واتە سودی لێوەرگرین ئەوە لێرەدا و لە میتافۆرەکەدا هەمان سیمای پێکهاتە سەرەکییەکەی لە دەست نادات.

بو نموونە:

(مریشك، کربوون)، ئەگەر وشەی (کرِبوون) مان، گواستەوە میتافۆر بەم شێوەیەی لێدێت.

– لە جیێ خۆت کرِبە.

(أ) بە (ب) دەلّێت.

لێرەدا سیماکانی (کربوون) وەك خۆی دەمێنیتەوە، کە بریتیە لە (+مانەوە لەجیێ خۆی (تایبەت)، + کشی و دبێدەنگی + جوولّەنەکردن).

**4.** دیاردەیەکی بنبڕی تەرخانکراوی بیرێکی چەسپیوە. بۆ نموونە لە دیاردەی شونەکردندا، تەنها وشە بۆ ئافرەت (قەیرە) یە.

**5.** لە ڕوی سینتاکسیەوە، هاوڕێتی گرێیەکی ناویە، لە دیارخراو و دیارخەرێك پێکدیت، وەك لەم دایەگرامەدا ڕونکراوەتەوە.




ئەگەر نیشانەی (ناسیاری) هاتە ناو گرێکەوە، لێرەدا دەچێتە سەر دیارخەرەکە:

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9




شایەنی سەرنجە لە گرێیەکەدا ناتوانێن وشەیەکی تر وەك ناوبرێك دابنێن، بۆ نموونە وشەی (ڕادە)ی (زۆر).

– مانگا زۆر بەکەڵەکە*

– مانگا هەندێ بە کەڵەکە*

هۆکار لێرەدا لە ڕوی واتاوە ئەوەیە کە (بەکەڵێ) ڕاددەی بۆنییە و لە پێوانەکرن نایەت.

**6.** وشەی هاوڕێتی دەروازەیەکەی فەرهەنگی تایبەت بە خۆیەوە دەستنیشان دەکات، بۆ نموونە ئەو ناوانەی سەر بەپولی ئاژەڵن وەك (سەگ، گورگ، شێر، ڕێوی، پڵنگ... هتد) ئەمانە لە دەروازەی هاوجووتبوونی وشەی هاوڕێتی لە بواری (زایین)دا، وشەی (تەرەکیان) بە خۆدەگرن.

– سەگەکە تەرەکییوە.

– گورگەکە تەرەکیووە.

ئەمە لەگەل (زایینی) مرۆڤ جیاوازە کە وشەی (زاییوە)ی بۆ کاردێنین.

– ژنەکە زاییە.

شایەنی سەرنجە وشەی (زایین) لەگەڵ ئاژەڵی وەك وەك (مانگا، بزن، مەڕ) بەکاردێت.

– مانگاکە زاییوە

– مەرەکە زاییوە

– بزنەکە زاییوە

لێرە دا ئەوە تێبینی دەکرێت، کە ئەمانە (مانگا، مەر، بزن...هتد)، گۆشتیان و شیریان دەخۆریت، ئەگەر مرۆڤ گۆشتی نەخورێت، بەلام تواناى بەخشینی ژیانی هەیە بۆ مرۆڤێکرتر، بۆیە وشەی (زانیین)ی بۆ بەکاردێت جودا لەو پۆلە ناوەی تر، کە گوشیان، یان شیریان ناخورێت وەك نموونەکانی (کەر، شێر، پڵنگ...هتد).

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

**3. دەروازەی شێوازەكانی دەركەوتنی دیاردەی هاوڕێتی ئاسایی:**

**3. 1. هاوڕێتی لە دەنگە سروشتیەكان:**

لەم شێوازەدا ئەو وشانە دەگرێتەوە، كە زوربەی زمانەوانان ئاماژەیان بۆ كردووە، كە پەیوەندییەكی بەرچاویان لەگەڵ وشەكەو دەنگەكانیان هەیە و ئەم پەیوەندیە بە دووبارە بوونەیان لەناو كومەڵدا وبەتێپەربوونی كات جێگیر بوون. و بەناوی ( primary onomatopein) ناونراوە[23].

نموونەی ئەمانە لە زمانی كوردیدا ئەمانەن (كوردی ناوەڕاست).

| ناوی ئاژەل | وشەی هاوڕێتی | ناوی باڵندە | وشەی هاوڕێتی |
|---|---|---|---|
| شێر | نەڕە | مریشك | گارە، قرتە قرت[24] |
| سەگ | وەڕە | كەڵەشێر | قوقە |
| پشیلە | میاوە | پاساری | جریوەجریو |
| كەر | زەڕە | قاز | قیڕە |
| ئەسپ | حیلان | بلبل | خوێندن |
| مانگا | بۆڕە | | |
| گورگ | لورە | | |

| ناوی مێش | وشەی هاوڕێتی | ناوی خشۆك | وشەی هاوڕێتی |
|---|---|---|---|
| هەنگ | ویزە | مار | فیشقە |
| مێش | ویزە | | |
| میشولە | ویزە | | |
| زەردەواڵە | ویزە | | |
| سیسركە | زیوەزیو | | |

**3. 2. بەسەركردنی ژیان، پێكە وەژیان:**

**1.** ئەو كۆمەڵە ئاژەڵانەی، كەزیاتر لە سروشتدا دەبینرێن، چ دڕندەبن، یان نەبن، وشەیەك دەبنەهاوڕێ بۆ ناوی شێوەی پێكەوە ژیانیان.

شێر/ پلنگ/ ئاسك/ گامێش/ گورگ: ڕەو (ڕەوە شێر، ڕەوە ئاسك، ڕەوە پلنگ)

**2.** گا جووت و جوانەگا، وشەی هەوریێتیان، (جەڵەب)ە (جەڵەبەگا)

**3.** بزن: مێگەل

مەر: رانەمەڕ

**4.** بۆ بالندەكانی وەك:

چۆلەكە، ریشۆڵە، كۆتر، پەرەسێلكە: پۆل[25]

**5.** بۆ مرۆڤـ: كۆمەڵ.

شایەنی سەرنجە لە هندێ باردا وبۆ هەنێ بۆنە، تێكەلاوكردنی دوو شێوەی كۆمەڵ لە ناو بۆتەی یەك پێكهاتەدا واتایەكی هوشەكی بەهێز دروست دەكات بۆ گەیاندنی شێوەی ئەو دیاردەیەی، كە باسی لێدەكریت، بو نموونە بڕوانەئەم رستەیە:

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

– کوڕەکەم گەلەکۆمەی لێ کراوە.

لێرەدا دوو وشە کۆبونەتەوە بۆ دەربڕین لە شێوەی دیاردەیەکی ناخۆش (گەل+ ە+ کۆمە): (گەل) لەگەل (گورگ) دێت، (کۆمە) لەگەل (مرۆڤ) دێت ئەمە دەربڕینە بۆ جۆری وەحشیەتی مرۆڤەکان، کە وەك (گورگ) هێرشیان کردۆتە سەر.

3. 3. بو دیاردەی جووتبوون (سێکس):

| ناوی ئاژەل | وشەی هاوڕێتی |
|---|---|
| شێر | بەبایە |
| گورگ | بەبایە |
| سەگ | بەبایە |
| ڕێوی | بەبایە |
| پشیلە | بەتەگەیە |
| کەر | بەفالە |
| مانگا | بەکەڵە |
| ماین | بەتەڵەبە |
| بزن | بەنێریە |
| مەڕ | بەبەرانە |

ئەگەر بۆ مرۆڤ وشەی هاوڕێتیمان بە کارهێنان لێرەدا دەبێت بە (ژن: بەگرە).

3. 4. بۆ دیاردەی شێوەی بزاڤ وجولە...

| ناوی ئاژەل | وشەی هاوڕێتی | ناوی باڵندە | وشەی هاوڕێتی |
|---|---|---|---|
| شێر | لۆقە | کەو | ڕەوت |
| پلنگ | لۆقە | طاوس | لەنجەولار |
| گورگ | لۆقە | قومری | لەنجەولار |
| سەگ | لۆقە | پۆڕ | لەنجەولار |
| کەرویشك | قونەقون | کۆتر | ڕەوت |

| ولاغە بەرزەکان | وشەی هاوڕێتی |
|---|---|
| کەر | چوارناڵە/ غاردان |
| ماین | چوارناڵە/ غاردان |
| هێستر | چوارناڵە/ غاردان |
| ئەسپ | چوارناڵە/ غاردان |
| حوشتر | چوارناڵە/ غاردان |

گوڤارا زانكويا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

شايەنى سەرنجە شاعر (گۆران)، لە زوربەى هۆنراوەكانيدا ئەم دياردانەى هێناوتەوە كە دەڵێت:

بەرِەوتى كەو، لەنجە تاوس وقومرى
گورج گورج، جوان جوان ئەهاتو جادەى دەبرِى[26]
يا كەروێشكى تێرو قەڵەو
لەبەر تريفەى مانگەشەو
چەن جوان ئەرِوا، بە قونە قون.
سرك، گورج وسپى وفرين
يا پۆرِ لە گۆى رێگاى دەشتا.
لە گەڵ سايەقەى پاش وەشتا
چەن ورد وجوان بەلەنجولار
ئەشێلێ سەوزە گياى بەهار
ياكۆترى حەوشى مزگەوت
چەن خنجيلانە لێ دێ رەوت[27]

**3. 5.** هاورێتى لە ناوى پێغەمبەران و (شوێنى خواپەرستى).

**1.** لە بەر ئەوەى، كە ميللەتى كورد ئاينى ئيسلامى پەسەند كردوە، لە مزگەوتەكاندا ناوى، پێغەمبەران دەێنن، هەريەكێك لەمان ناوێكى هاورێتى لە لايەن خواوە بۆى هەڵبژێراوە، بەتايبەت ئەو پێغەمبەرانەى لە (الحديث القدسي) ناويان هاتووە، بەم شێوەى خوارەوەيە:

| ناوى پێغەمبەر | وشەى هاورێتى |
|---|---|
| ئادەم | خليفة الله |
| نوح | نجيُّ الله |
| إبراهيم | خليلُ الله |
| موسى | كليم الله |
| عيسى | روح الله |
| محمد | حبيب الله [28] |

**2.** ئەو شوێن و جێگەيەى كە خواپەرستى لێ دەكرێت بەپێى ئاينەكان ناوى جياوازى هاورێتى بۆ دانراوە:

| ئاين | شوێنى پەرستن |
|---|---|
| يەهودى | دێر/ كەنيسە |
| مەسيحى | كەنيسە/ دێر |
| موسڵمان | مزگەوت |
| ئێزيدى | لالش |
| يارسا | پيرى شاليار |

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

شایەنی سەرنجە سەرەرای ئەمە بۆ یاوەرانی بۆ (پێغەمبەری موسڵمان)، هەندیك وشەی هاورێتی ئەوان دانراوە وەك:

| ناوی خەلیفە | وشەی هاورێتی |
|---|---|
| ابو بكر الصديق | الصديق (العتيق) |
| عمر بن الخطاب | الفاروق (العادل) |
| عثمان بن عثفان | ذي النورين (ذو الحياء) |
| علي بن ابي طالب | ابو الحسنين(29) |

**3. 6.** هاورێتی لە پێگەیشتنی (میوە) دا.

میوەکان بەشێوەیەکی گشتی هەر لەسەرەتای چاندیەوە تاپێدەگات و بەکەڵکی خواردن دێت وشەی هاورێتیان لەگەڵدا دێت وەك لەم نموونانەدا دیارخراوە:

| میوەکان | وشەی هاورێتی |
|---|---|
| هەنار | گەییو، رزیو |
| کاڵەك | گەییو، رزیو |
| شوتی | گەییو، تەپیو |
| هەرمێ | گەییو، تەپیو |
| تەماتە | گەییو، رزیو |
| بامیە | گەییو، پیر |

شایەنی سەرنجە، ئەگەر میوەکان بە هۆی (دەنگەکانیانەوە) بە کەڵکی خواردن نەیەن واتە دەنگەکایان هۆکارە بۆ خراب بوونیان وشەی هاورێتی (ڕزیو) یان، لەگەڵدا بەکار دێت، بەڵام ئەگەر هۆکاری خراب بوون لەناو خۆیدا دروست بیت وەك (شوتی/ بامیە) ئەوە بۆ شوتی (تەپیۆ)، بۆ بامیە (پیر) بەکاردێت.

**3. 7.** هاورێتی لەگەل هەنێك دیاردەی دیکەدا

**1.** راوکردن:

ماسی: تۆر، قولاب

ئەگەر بەکۆمەك راویان بکەیت ئەو (تۆرە)ە، ئەگەیەك یەك بیت (قولاب)ە.

ئاژەڵ: (بۆ کەرویشك، ریۆی، گورگ،... هتد)، (تەڵە) بەکاردێت

باڵندە: وەك (سوێسکە، کەو... هتد)، (داو)ی لەگەڵدا بەکاردێت

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

شایەنی سەرنجە لێردە (ناوی هاورێتی) پشتی ناوەکە دێت (تۆری ماسی)، (تەڵەی گورگ)، (داوی کەو)

**2.** ناوی شاەرکان:

هەندێك لە شارەکانی کوردستان بەپێی ئەو مێژووەی کە هەیەتی، چ بەهۆی کارەساتەکانەوە بێت، یان هۆی باری ناهەموار، یان رۆشنبیری بەوە ناوی هاورێتیان بۆ دانراوە.

| شار | ناوی هاورێتی |
|---|---|
| کەرکوك | بابا گورگور |
| سلیمانی | هەڵمەت قوربانی/ پایتەختی رۆشبیری |
| هەڵەبجە | شەهید |
| هەولێر | هۆلاکوبەزێن |
| دهۆك | رەنگین/ داسنیا |
| زاخو | دەلال |

**3.** رەنگی پرچ:

پرچ: ماش وبرنج، (واتە رەش وسپی تێکەڵاوبووە، رەنگی سپی کەمترە لە رەنگی رەش)

پرچ: کاڵ (واتە هەرنگێك بێت، بەلاّم تۆخ نیە)

گۆنا/ لێو: ئاڵ (واتە سوورییەکەی کەمە)

تێبینی ئەوە دەگرێت کە (پرچ تەنها لای پیاوان بەکاردێت)، بەلاّم (قژ) بۆ ئافرەتانە هەروەك (گۆران)ە شاعیر دەڵێت.

قژکاڵی، لێو ئاڵێ، پرشنگی نیگا کاڵ

ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ(30)

**4.** بۆ سەرکەشی کردن:

هێستر: چەموش (مەبەست لێرەدا، ئاژەلێکی هارە و مروڤ ناتوانێت سواری بێت، زیاتر ئەمە لە تەمەنی (1-4) ساڵدا دەبێت.

گورگ: هار

سەگ: هار، هاوشار

**5.** بۆ رەنگی پێست:

پێست: ئەسمەر/ رەش ئەسمەر

**6.** بۆ داپۆشینی ئاژەڵ بە مەبەستی سواربوونیان

کەر: کورتان، کەر: رەشمە.

ماین: زین، ماین: لغاو

تاژی: جلە

**7.** بۆ دیاردە سروشتیەکان

ئەستێرە: گەش

ئاسمان: شین

**3. 4.** بۆ دیاردە ناخۆشەکان وکارەساتەکان

(1950) ساڵ : گرانی، (ئەو ساڵەیەکە قەیرانی خواردت هەبووە و باران نەباریوە)

گوڤارا زانكویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وكومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

(1951) ساڵ : كولله (ئەو ساڵەیە كە كولەیەكی زۆر هاتۆنە گەرمیانەوە)

(1945) ساڵ : سەفەربەلك (ئەو ساڵەیەكە چەنگی جیهانی بەرپابووە وخەڵكێكی زۆر بۆ سەربازی بروان، بەلام كوژراون و بێ سەروشوێنن).

(1975) ساڵ : نسكۆی ئازار

(1993) ساڵ : كۆرەو

## 4. ئەنجام

**1.** واتای هاوڕێتی لایەنێكی گرنگە لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانی كوردیدا.

**2.** بە كارهێنەرەكانی زمان لە گەڵیدارادێن و دەبێتە بەشێكی سەرەكی تێگەشتن لەواتای وشە چەسپیوەكاندا.

**3.** ئەم دیاردەیە لەگەل (ناو) دا دێت، هەندێك جار ناوەكە پێش دەكەوێت (ئەسپ: تەویلە)، هەندیك چار وشە هاوڕێتییەكە پاش دەكەوێت (نەرەی شێر).

**4.** واتا هاوڕێتی ئاسایی بنەمایەكی سەرەكییە لە دەوڵەمەند كردنی فەرهەنگ. بەلام زرهاوڕێتی بنەمایەكە بۆ دەوڵەمەندكردنی بواری (ئیدیەم، هاوواتایی، بەشی وگشت، گرتنەوە).

**5.** واتای هاوڕێتی دیاردەكانی دەورووبەرمان بۆ سنوردار دەكات وجەخت لەواتا هۆشەكییان دەكات.

**6.** لە ڕوی ڕێزمانەوە واتای هاوڕێتی لە گرێیەكیناوی دروست دەبێت كە لە (دیارخراو دیارخەر) پێكدێت.

**7.** لە هۆنراوەی كوردیدا واتای هاوڕێتی بەشیوەیەكی بەرچاو دەبینن كە (گۆران)ی شاعیر نمونەی بەهێزی ئەم بوارەیە و دەشێت بێتە سەرچاوەی لێكۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ ئەم دیاردەیە.

**8.** دیاردەی هاوڕێتی توانای وێناكردنی مێژویی گەلی هەیە، ئەو بزاڤ و كارەساتانەی بەسەری دێت هەندێكیان بە پێی گرنگییان تۆمار دەكات.

## 5. پەراوێزەكان

(1) لە ساڵی (1989) دوونامەی ئەكادیمی لە بواری واتاسازیدا نووسراوەتەوە.

**1.** بێخاڵ عبداللە سعید، واتاسازی وشە، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر.

**2.** فتاح مامەعەلی، هاودەنگ لە زمانی كوردیدا، نامەی ماستەر، زانكوی سەلاحەددین، هەولێر.

(2) هدى عبدالقادر قاسم: 2010: 96.

(3) هەمان سەرچاوە وهەمان لاپەر.

(4) بروانە ئەم سەرچاوانە: (محمد علي خوالي، معجم علم اللغة: ص46، احمد مختار، علم الدلالة: ص74، محمد احمد ابو الفرج، المعاجم اللغوية في ضوء دراسات علم اللغة الحديث: ص111، منير بعلبكي، المصطلحات اللسانية: ص47، شحدة فارع واخرون، المصطلحات اللغوية: ص98، مجيد الماشطة، شحدة فارع واخرون، علم الدلالة پالمر: ص87، حلمي خليل مالك حسن، مقدمة لدراسة التراث المعجمي العربي: ص151).

(5) بروانە: هۆگر مەحموود فەرەج بوارەواتاییەكان، ل9، هدى عبدالقادر قاسم، سیمانتیك و پراگماتیكا ئیدیۆمان، ل96، ڤیان سلیمان، ڕێككەوتن لە شێوەی ژووروی زمانی كوردیا، ل95، ئارا عەلی ئەحمەد، كۆتێن واتایا شێوازی، ل68.

گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا:22، ژمارە:1، (زانستێن مروڤایەتی وکومەلناسی)، بپ 179-194، 2019
https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

[6] Kreider: 1988: 298.
[7] Finch: 2000: 152.
[8] Crystal: 2005: 82.
[9] Thakur: 2004: 47
[10] احمد دراج: 2010: 113–115.
[11] هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەرە.
[12] احمد مختار: 1985: 74.
[13] إبراهيم أنيس: 1976: 69.
[14] محمد علی الخولی: 2001: 77–78.
[15] هوگر مەحمود فەرەج: 1993: 30.
[16] فەرهاد تۆفیق: 2010: 20.
[17] ڤیان سلیمان حاجی: 2001: 95.
[18] ئارا عەلی ئەحمەد: 2001: 68.
[19] عبدالواحد مشير دزەیی: 2009: 73.
[20] پەیمان حسن محمد سلیم: 2010: 124.
[21] هدى عبدالقادر قاسم: 2017: 97.
[22] شێرزاد سەبری عەلی: 2015: 291–292.
[23] بڕوانە، ستیڤن ئولْمان: 1975: 78، هەروەها احمد مختار عمر: 1998: 39، .
[24] مریشك کاتێك کەدەیەوێت هێلکەبکات وشەی (گارەگار) ی بۆ بەکاردێت لە کاتێدا کە جوجولّەکانی بانگەدەکات وشەی (قرت قرت) بۆ بەکاردێت.
لەگۆڤەری بادینیدا وشەی (قەدقەد) ی بۆ بەکاردێت
[25] لە کوردی سەرودا (گۆڤەری بادینی ئەم وشانە بەکاردێت: (رەڤدا کوترا) (بڕوانە: فەرهەنگامایی: 515).
[26] دیوانی گۆران: 35.
[27] هەمان سەرچاوە: 11–12.
[28] الجمعية العلمية لكلية التجارة، 2014، الجزء التاسع، هەروەها بڕوانە، سورة الانبياء، الاية76، سورة البقرة ، الاية 30.
[29] الامام احمد بن علي: 1995: 890–939–949.
[30] دیوانی گۆران: 1998: 45.

## 6. سەرچاوەکان

### 6. 1. بەزمانی کوردی:

#### یەکەم: کتێب:

1. شێرزاد سەبری عەلی، (2015)، واتاسازی، چاپا ئێکێ، چاپخانا هەوار، دهوك.
2. عەبدولواحد موشیر دزەیی (2009) واتاسازی وشەو رستە، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

#### دووەم: نامەی ماستەر ودکتۆرا:

1. ئاراعەلی ئەحمەد، (2007)، کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤواتایا تەواو (گوڤەرا باهدینان)، نامەی ماستەر، کولیژا ئادابێ، زانکویا دهوك، دهوك.
2. پەیمان حسن محمد سلیم، (2010)، پەیوەندی نێوان زمان وکەلتورلێکۆلینەوەکەی، وەسفی–شیکارییە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکوی سەلاحەدین، هەولێر.
3. فەرهاد توفیق حەسەن، (2010)، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندیك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کولیژی زمان، زانکۆی سلیمانی، سلیمانی.
4. هدى عبدالقادر قاسم، (2010)، سیمانتیك وپراگماتیکا ئێدیۆمان دزمانێ کوردیدا، نامەی دکتۆرا، سکولا ئادابێ، زانکویا دهوکێ، دهوك
5. هۆگر مەحموود فەرەج، (1993)، بواره واتاییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

#### سێیەم: دیوانی شیعری:

1. محمدی مەلا کریم، (1980)، سەرجەم بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد.

### 6. 2. بەزمانی عەرەبی:

#### کتێب:

1. إبراهيم أنيس، (1976)، دلالة الالفاظ، الطبعة الثالثة، مكتب الانجلو المصرية، مصر.
2. احمد بن علي بن محمد، (1990)، الاصابة في تمييز الصحابة، المحقق عادل احمد عبدالموجود، الجزء العاشر، دار الكتب العلمية، بيروت.
3. احمد مختار عمر، (1998)، علم الدلالة، الطبعة الخامسة، مكتبة لسان العرب، القاهرة.
4. الجمعية العلمية لكلية التجارة (2014)، الجزء التاسع من قصة الاسراء والمعراج، الاردن.

https://doi.org/10.26682/hjuod.2019.22.1.9

**.5** ستيفن اولمان، (1975)، دور الكلمة في اللغة، ترجمة كمال بشر، الطبعة الاولى، مكتبة الشبان، القاهرة.

**.6 3. بەزمانی انگلیزی:**

**1.** Grystal, D. (2003), A Dictionary of linguistics and phonology, 5thed. Oxford: Blackwell.

**2.** Kriedler, ch. W. (1998). Entroducing Enghlish Sematics. London: Routledge.

**3.** Finch, G. (2000). Linguistic Terms and Concepts. Newyork: Palgraue.

**4.** Thakur, D. (2009). Linguishics simplified: Semantics, India: Bharat Bhawan.

**الخلاصة**

موضوع البحث (بعض جوانب ظاهرة مصاحبة المعنى في اللغة الكوردية) حيث تعتبر هذه الظاهرة من احدى مجالات علم الدلالة.

ان مجال البحث في هذه الظاهرة واسع وشامل حيث تختلط مع (الحقول الدلالية، المجاز، تعدد المعنى، الاشتمال، علاقة الكل بالجزء) تمكننا اثر تقسيمنا لهذه الظاهرة الى (المعنى الاساسي والمعنى الهامشي) للمصاحبة، من اخذ جانب واحد لهذا التقسيم وهو جانب المعنى الاساسي وحجتنا في ذلك اجراء بحث مستقل له وإغنائه من جوانب عدة وذلك بتخصيص وتعيين مجالات لها مثل (ظاهرة المعاني الصوتية، المعايشة الاجتماعية، التزاوج، الحركات، صفات الانبياء والخلفاء، الاطعمة والفواكه، ظاهر اخرى مقتضبة) والجدير بالذكر يعتبر هذا البحث عامل مؤثر في اغناء المعجم الكوردي...

**SOME ASPECTS OF COLLOCATION IN KURDISH**

**DR. ABDULLAH AZEEZ MOHAMMED**
College of Languages, University of Duhok, Kurdistan Region-Iraq

**ABSTRACT**

**This study deals with some aspect of the phenomenon of collocation in Kurdish which is one of the fields of semantics.**

**This field of study is very wide and comprehensiwe. It is confused with semantic fields, metaphor, polysemy, hyponymy and memronymy. The researcher has divided collocation into basic meaning and secondary meaning.**

**In this study, only the basic meaning of collocation has been dealt with in order to conduct on independent study of collocation and enriching it from various prespechres by allocating and identifying some aspects for it such as sound meaning, social coexistence, movements, prophets and caliphs features, foods, fruits and some other short phenomena. It is to be noted that this study has an effective role in enriching the Kurdish language and lexicology.**